پرۆژەیەکی هەفتانە

د. ئەحمەدی مەلا

# ئەدەبییاتی نامەنووسین

” بۆنی شەراب لە هەناسەم دێ» کۆمەڵە نامەیەکە لە نێوان هیوا قادر و سەحەر ڕەسایی گۆردراونەتەوە و لە قاڵبی نامەی شەخسییەوە دەرهێنراون و لە دوو توێی کتێبێ لە قەوارەیەکی تایبەت و لە شکڵێکی ئەستێتیکی و هونەریدا بڵاوبوونەتەوە : بیست و سێ نامەی هیوا قادر و دوانزە نامەی سەحەر ڕەسایی دەخوێنینەوە. هەروەها لە دوو توێی کتێبەکەش فۆتۆگرافی کۆمەڵێ هونەرمەندیش هەندەی دیکە بەهایان بە کتێبەکە بەخشیوە و لێرەش دەبێ ئاماژە بۆ پەرپووتی کتێبی کوردی لە نەخشەسازی و تەسمیم و دیزاین بکەین، بەڵام کتێبی لەم بابەتە، هەڵبەتە دەیەوێ گرنگیی کتێب وەک دەرهێنانی هونەری وەبیر سەنعەتکاران و پیشەسازانی کتێب بهێنێتەوە.

لە نێو ئەدەبییاتی کوردی نامە لە نێوان نووسەران و ئەدەبیان و شاعیران و تا سیاسەتمەدارنیش گۆڕاونەتەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ژانرێک لە ژانرە ئەدەبییەکان. بەو واتایەی کە لای فەرەنسییەکان لە مێژە ئەم ئەدەبە کاری بۆ کراوە و چەندین شاکاریش بە زمانی فەرەنسی نووسراونەتەوە. ڕەنگبێ کۆنترینیان نامەکانی نێوان ئێلۆیز ( ١١٠١-١١٦٤) و ئەبیلار بێت. ئێلۆیزی کچە دەوڵەمەندێک و خوێندەواری ئەو سەردەمە نامە لەگەڵ ئبێلاری عاشق و نەجیبزادە دەگۆڕێتەوە. لەو نامانە، ئەبیلار باس لەوە دەکات چۆن توانیوێتی ئیغرای کچێکی بلیمەت بکات و پاشان باس لە لەدایکبوونی زارۆکێکی خۆیان دەکات و هەروەها هاوسەریی و جودابوونەوە دەبنە ناوەرۆکی ئەو نامانە کە ئیمرۆ لە ئاستی جیهانیی شۆرەتییان هەیە.

بە داخەوە، لە بەر ئەوەی کورد هەر بە شیعر باسی لە خودی خۆی و لە هی دیکە کردۆتەوە، ئەمە وای کردووە کە لە نێو ئەدەبییاتی کوردی سەدەکانی ڕابـردوودا، ئەو نامە ئەدەبییانەی کە لە بەر دەستان، تەنها هەر بە شیعر نووسرابێتنەوە. ئەم تەرحە وایکردووە کە مەودای نامەکان تەسک ببنەوە و ناوەڕۆکەکانیش بە دیوی قافیە و وەزندا بشکێنەوە و لە بەها ئەدەبییەکانی نامەنووسین کەمیان کاتەوە.

هەموومان ئیمرۆ نامەکانی مۆنتسکیو، کەم تا زۆر شارەزاین کە بەسەر هەڵدانی سۆسیۆلۆژی مودێرنیش دەناسرێتەوە، چونکە نووسەرەکەی لە چاوی ئەویترەوە، فەرەنسا و بە تایبەت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پاریسییەکان دەبینێ کە لە ساڵی ١٧٢١ دا بڵاوبوونەتەوە. باس لە ئوسبێک ناوێک دەکات، نەجیبزادەیەکی وڵاتی فارسە لەگەڵ ڕیکا-ی هاوڕێی دەگەنە پاریس و لەوێوە بە نامە باسی عەقڵییەت و ژیانی پاریسییەکان دەکات. نامەن پڕ لە توانج و ڕەخنە، پڕ لە وێنەی ورد و وردەکاریی لەبارەی ژیانی ڕۆژانەوە.

نامە دەکرێ نامەی ڕاستەقینە بن، وەک نامەکانی نێوان هیوا قادر و سەحەر ڕەسایی، هەروەها دەشکرێن نامەی فیکتیف بن، واتە خەیاڵی و دروستکراو، ئەوکات ناوی ڕۆمانی ئەپیستۆلێری بەسەردا دەسەپێندرێ، مینا شاکارەکەی شۆدێرلۆ دو لاکلۆ کە «پەیوەندییە ترسناکەکان» دەنووسێتەوە و دەبێتە مایەی دوو فیلمی سەرکەوتوو لە ئاستی جیهان دا. سەدەی هەژدەم بە گشت بەزم و ئیپیکور و دونیای لەززەتەوە، لە ڕێی ئەو نامانەوە دەچینە نێو دونیایەکی داخراو و پەیوەندییە تایبەتەکان و داو و تەڵە نیهێنییەکانیشمان لە بەردەمدا قووت دەبنەوە. میلان کۆندێرا لە ڕۆمانی خاتوون زۆر بە وردی باسی لێوە کردووە.

واتە ئەدەبی نامە دەکرێ عیشقی دوو کەسمان بۆ بەیان بکات، یا زانیاریی و ئەنفۆرماسیۆن لە بارەی شتگەلێک کە نووسەران بە گرنگی دەزانن و پاشان پێشکەشی خوێنەرانی دەکەن، دەشکرێ لە دونیای فەنتازیاوە شۆڕ بووبێتەوە بچێتە خانەی ئافراندن.

نامەکانی هیوا نامەن لەمەڕ عیشقەوە کە تێکەڵی جەنجاڵیی دونیای ئیمرۆمان دەبن. لە تەک دونیای ناخیی ئاووهەوای دڵ، دیسانەوە کێشەکانی بەکوردبوون-مان لەبەردەم قووت دەبێتەوە. نامەی یەکەمی سەحەر لە ژێر باران دەخوێندرێتەوە. مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە تێکەڵ دەبن. ڕازن و دونیای گوزەشت بەسەر دەکەنەوە و باسی شیعر دەکرێت. باسی ئەدەب بەشێکی نەبڕاوەی ئەو نامانەیە.

هەروەها تەنهایی وشەیەکە لە هەموو نامەکاندا بەرجەستە دەبن و شاعیر وەک کەسێکی غەریب و ڕۆمانسی خۆیمان پێ دەناسێنێ: ڕاکردن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەتەکێت و شتی لەو بابەتە. شاعیربوون واتە جوداخوازیی. نامەی عیشقن و بۆنی جەستەیان لێدێت. دونیای هەست دەبووژێننەوە. ڕۆمانسییەکی لاتەریک و خەونبین نییە، بەڵکو گەڕانێکە لە لەشی ئەوی دیکە.

نامەکانی سەحەر ڕەسایی لە خەمەوە دەست پێدەکەن. هەستکردن بە لەشقورسیی ڕیتمی نووسینەکان قورس دەکات، کات بارستایی دەبێت، وێنەکانی دونیای ڕۆژهەڵاتن. دەنگی قورئان و دڵتەنگیی و کفن و سەرقەبران وێنای ڕۆژهەڵاتمان بۆ دەکێشن.

هەست دەکەین ژنێکی ڕۆژهەڵاتی نامە دەنووسێت. یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەچێت و لە خۆ دەپرسین : ئایا دەبێ چ مەرگێکی ڕاستەقینە بێت لە هەمان کات دا ژن بیت و لە هەمان کاتیش دا ڕۆژهەڵاتی.

مەگەر تەنها «تەنهایی ڕەش» بتوانێ بەرجەستەی دونیای ژنێکی تەنهای ڕۆژهەڵاتیمان بۆ بکات. لە یەکێ لە نامەکاندا، ڕۆژهەڵات دەبێتە «سجنێکی بێ دەرگا»، بەڵام سەحەر لەو تەنهاییەوە، لەو سجنە ئینفرادییەوە بەسەر قەدەری ژنانەی خۆی زاڵ دەبێت و لە شەیتان یاخی دەبێت و خۆی بەختیار دەبینێ کە سێوەکەی خواردووە.

ئەم سێوخواردنەیە کە وا دەکات حەوا لە بەهەشت دەکرێت و ژنی ئازادی لای مەش ڕۆژهەڵات بەدەر کرێت. ئێمە بەرامبەر بە بەها و هاوکێشەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتین. هەرچەندە ئێرە جێی ئەو باسە نییە، بەڵام ئەم نامانە زۆر ئیحابەخشن بە کێشە لە بنەهاتووەکانی شارستانییەتی ئێمە و ئەوان.

ئەم نامانە تەنها نامەی عیشق نین، بەڵکو دیالۆگی دوو دیدو دوو جیهانبینین. وشە مەوداکان دەپسێنێ و پردەکان دروست دەبنەوە.